حەقدەی شوبات مێژوو و زامێکی لەبیرنەکراو کە بە چەکی دەسەڵاتی هەرێم دژی گەنجان تۆمارکرا

ئەمڕۆ یادی ڕۆژی خۆپشاندانەکانی 17ی شوبات دەکرێتەوە، 17ـی شوباتی 2011 ئەو ڕۆژەی خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵک لەبەردەم دەرکی سەرای سلێمانی دەستیپێکرد و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەردەوام بوو.

17ـی شوباتی ساڵی 2011 لە فەرهەنگی سیاسی هەرێمی کوردستان و سلێمانی بووە بە مێژوو و زامێکی لەبیرنەکراو.

لە خۆپیشاندانەکانی ناسراو بە (17ـی شوبات) کە خەڵکێکی زۆر بۆ زیاتر لە مانگێک لەسەر شەقامەکان مانەوە، داواکارییەکان بۆ چاکسازی و دادپەروەریی بوون و باشترکردنی دۆخی ژیان بوو لە هەرێمی کوردستان.

لە خۆپیشاندانەکانی شوباتی ساڵی 2011ـەدا، 10 کەس بوون بە قوربانی و گیانیان لەدەستدا، کە هەندێکیان بە گوللەی هێزە ئەمنییەکان بوون و هەندێکی دیکەشیان هێشتا دۆسییەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە، "یەکەم شەهیدی خۆپشاندانی شوبات لەلایەن چەکدارانی لقی 4ـی پارتی لە سلێمانی کوژرا".

دوای 14 ساڵ بەسەر ئەم یادەدا، تا ئەمساڵ 2025 تەنانەت یەک داواکاری خۆپشاندەران و خەڵکی ناڕازی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەت و دوو جەمسەری سەرەکیی حوکمڕانی هەرێم نەهاتە دی، تەنانەت دۆخی هەرێمی کوردستان خراپتربووە لەڕووی دواکەوتنی مووچە و شایستە داراییەکانی فەرمانبەران و خەڵکی

هەرێم، هەروەها نەبوونی دامەزراندن بۆ خوێندکارە دەرچووەکان، هەروەها زیادبوونی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بۆ ئاڕاستەی ئەورووپا، کە گەنجان و هاوڵاتیانی کوردستان ژیانیان دەخەنە مەترسی دەریا و دارستانەکان بۆ گەیشتن بە (خەونی ئەورووپا).